# ڕێوڕەسم و باوەڕی ئایینی لە مێژوی کۆنی ئێراندا پێش دەرکەوتنی ئایینی زەردەشتی

نەورۆز حەمەد علی[1] - عماد عبدالقادر محمد سعيد[2]

[2+1] بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

ناونیشـــانی ئەم توێژینەوەیە (ڕێوڕەســـم و باوەڕی ئایینی لە مێژوی کۆنی ئێراندا پێش دەرکەوتنی ئایینی زەردەشـــتی). هەوڵێکە بۆ ناســـاندن و ڕونکردنەوەی مێژوی دەرکەوتنی بیری ئـاییـنی لە ئێرانی کۆنـدا لە چاخی بەردینیەوە تا ســـەدەی حەوتەمی پێش زایین، وەک عیلامییەکـان کە یەکێـک بون لە کۆمەڵە هۆزی چیاکانی زاگرۆس تا ئێسـتا ئەوە سـاغنەبۆتەوە ئەوان کۆنترین دانیشـــتوانی ئێرانی کۆن بن، هەروەهـا میـدییەکـانیش یەکێـک بون لە هۆزەکـانی هینـد و ئەوروپی کە ئەوانیش لەڕێگەی کۆچەوە رویـان لە ئێران کردوە و ئاوەدانیان کردۆتەوە، بە لێکۆڵینەوەی لەسـەر شـێوازی ژیانیان و جۆری پەرستن و ناشتنی مردوەکـانیـان هەنـدێـک بیـرۆکەی ئـاییـنیمـان دەستدەکەوێت.

**کلیلە وشەکان:** ئێران، ئایین، ناشتنی مردو.

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(3).Paper4
**Received:** 23-August-2021
**Accepted:** 10-October-2021
**Published:** 29-June-2022
**Corresponding Author's E-mail:**
nawroz.hamad@uor.edu.krd
imadabid75@gmail.com
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

لەڕاستیدا ئەوەی هانیداین بەدوای بابەتی (ڕێورەسمی ئایینیی لە ئێرانی کۆندا) بگەڕێین، ئەو جیاوازییەی دەرکەوتنی بیری ئایینی بو لە چاخە بەردیینیەکاندا بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تری خۆرهەڵاتی کۆندا وەک وڵاتی نێوان دو ڕوبار گەرچی لەزۆر لایەنی ئایینی کەوتۆتە ژێر کاریگەری شارستانیەتی (سومەری و ئەکەدی)ی وڵاتی نێوان دو ڕوبار، بەڵام دەرکەوتنی بیری ئایینیی لە ئێراندا لە چاخی بەردینی نوێدا لە ناشتنی مردوەکانیاندا نەبێ هیچ زانیاریەکی ترمان دەستنەکەوتوە، لێرەدا ڕەنگە ئاوهەوای ئێران بەبەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تری خۆرهەڵات لەبارنەبوبێ بۆ کشتوکاڵکردن وەک لە وڵاتی نێوان دو ڕوباردا بەتایبەتی سۆمەرییەکان ئاووهەوا لەهەمو شێکی زیاتر یارمەتی داون کە بوە هۆی ڕاگواستنی لە قۆناغی کۆکردنەوەی خۆراک بۆ قۆناغی نیشتەجێبون و کشتوکاڵکردن، گەرچی لە ئێراندا قۆناغی چاخی بەردینی ناوەڕاستی تەنها ڕاگواستنە لە چاخی بەردینی کۆنەوە بۆ چاخی بەردینی نوێ و هیچ پێشکەوتنێکی شارستانیەتی تێدا بەدیناکرێ، بەڵام لە چاخی بەردینی نوێدا بیری ئایینی لە کشتوکاڵکردن و پەرستنی خواوەندی دایک و ناشتنی مردودا بەدیدەکرێ.

## هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:

بەپلەی یەکەم خۆی لەبونی ئارەزومان بۆ لێکوڵینەوە و تێگەیشتن لە ئایینی زەردەشتییدا دەبینێتەوە، زانراوە گەیشتن بە ئامانج تەنها بە زانینی پێشینەی بابەتەکە و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین، تاوەکو بەراوردی بکەین لە نێوان داهێنانی و لاسایی کردنەوەی بیری دێرینە باوەکانی پێش سەرهەڵدانی ئەم ئایینە تاکو بزانرێ چی بۆماوەتەوە؟ بۆ گۆڕانکاری نەکردوە؟ گەر گۆڕانکاری کردوە؟ کەی؟ بۆ؟ چ نوێگەریەک هاتۆتە ئاراوە؟ ئایا ئایینەکانی ئێرانی کۆن شوێنپەنجەیان بەجێهێشتوە لەسەر دەسکەوتەکانی بیری؟ ئایا ئەو دەسکەوتانەی کە ئێرانی کۆن لەبواری ئایینی بەجێهێشتون، بۆتە مایەیی سەرسام بونی گەلانی جیهانی؟ ئەم هەمو بیرکردنەوە بوە هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە.

– ئامانجیش لەم لێکۆڵینەوەدا بۆ دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی بیری ئایینی دێرین لە وڵاتی ناوبراودا و کارکردن لەسەر کاریگەرییەکانی بکەین بە مەبەستی بەئەنجام گەیاندنی لێکۆڵینەوەیەکی ئایینی بەشێوەیەکی قوڵ و گشتگیر.

## میتۆد و ئامرازەکانی:

هەوڵمانداوە لە نوسینی ئەم توێژینەوەدا پشت بەمیتۆدی زانستی و مێژویی کە لەسەر بنچینەی شیکردنەوە و هەڵێنجان سەرچاوەی گرتوە ببەستین، ئەمەش بەتێڕامان و وردبونەوە لە سەرچاوە مێژوییەکان و پاشماوە شوێنەواریەکاندا. بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی زانستیانە بۆ ئەو سەرچاوە زانیاریانەی کە بەدەستمان گەیشتوە، جا چ لەڕێگەی هەڵکۆڵینە شوێنەوارییەکان بێ، یان نوسراوی مێژویی بێت، بۆ لێکدانەوە و ڕاڤەکردنیان بەمەبەستی



Orginal Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper4

دەرخستنی ئەو هۆکارانەی بونەتە هۆی هاتنەکایەی ئەو جۆرە بیرکردنەوانەدا بەمەش دەگەینە ڕاستییەکی ڕێژەیی واتە نزیکە لەڕاستی.

## پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە

واتە لێکۆڵینەوەکە لەم بابەتەدا: بەشێوەیەکی گشتی باسی سەرهەڵدانی ئایین دەکات لەوڵاتی ئێرانی کۆندا بە مەبەستی دیاریکردنی گرینگی ئایین بەسەر کۆمەڵگادا، و چۆنیەتی کاریگەری بەسەر سلوکی مرۆڤەکان و ژیانیان؟ هەروەها دەرخستنی ڕادەی بیرکردنەوە و دەربڕینی هەستییان بەپێی قۆناغەکان کە لە سێ تەوەرە پێکدێن باس لە چاخە بەردینییەکان و دواتر عیلامییەکان و میدییەکان دەکەن لە کۆتاییدا ئەنجام و پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی ئینگلیزی لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕو.

## یەکەم: ئایین لە چاخەکانی بەردینیدا

ناتوانین مێژوی یەکەمین دەرکەوتنی بیرو باوەڕی ئایینی لەسەر زەوی ئێرانی کۆن دیاریبکەین، چونکە مێژوی نیشتەجێبونی مرۆڤ تێیدا تا ئێستا بە تەواوەتی نەزانراوە، بەڵام بەپێی شوێنەواری و پشتبەستن بەچەندین بەڵگەی مێژویی سەلمێنراو، دەردەکەوێ مرۆڤ لەدێرزەمانەوە لە وڵاتی ئێراندا نیشتەجێبوە، دوای دروستکردنی شوێنی جیاواز بۆ جێگیربون، کە هەندێک لە توێژەران ئەو ماوەیە دەگەڕێننەوە بۆ چاخەکانی پێش تۆمارکردنی مێژو. (باقر،وأخرون،١٩٨٠: ١٢-١٣). واتە لەو کاتەی کە مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی پەیدابوە تا دۆزینەوەی نوسین کەواتە پیشینەی ئایینیش کۆنە بەقەدەر مێژینەی دانیشتوانی ئێران، بەڵام زانیاریمان سەبارەت بەئایینی لە مێژینەترین دانیشتوانی ئێران زۆر کەمە، هەر ئەوەندە نەبێ لە ناوچەی مەڵبەندی دو چۆمان کە دانیشتوانی هەرە ڕەسەنی بانی ئێران بون، پێیانوابو کە ژیان ئافراوی خواژنێکە و لەسەر لەبەری جیهان کۆنترە، جگە لەو کۆمەڵە پەیکەرە ڕوتانەی خاتونە خوایان کە لەنێو شوێنەوارەکانی بەر لە مێژوی ئێراندا دۆزراوەتەوە. ڕێگامان بۆخۆش دەکات کە لە بیروباوەڕی ئادەمیزادی بەر لە میژوی ئێران حاڵی بین. (گیرشمەن، ڕۆمەن،٢٠١٣: ٥٢). لەلایەکی ترەوە زانیاریمان دەربارەی ئایین لە چاخە بەردینەیەکاندا کەمە، لەبەر نەبونی سەرچاوەی پێویست کە باس لە چۆنیەتی پیادەکردنی ئایین لە ژیانی ڕۆژانەیاندا تەنها لە ناشتنی مردودا نەبی ئەویش لە چاخی بەردی نوێدا مردوەکانیان دەناشت لەژێر زەوی ماڵەکانیاندا بەشێوەی چیچیکان یان وەک منداڵ لەزگی دایکیدا (عصفور:محمد ابوالمحاسن، ١٩٦٨:٣٩٩-٤٠٠). بەتێپەڕبونی کات شێوازی ناشتن دوچاری گۆڕانکاری و جیاوازی زۆر بۆتەوە لەوانەیە دۆزینەوەی گۆڕی ژمارە (T.5) لە گردی باکوری تەپەسیالیک تەوەری بەردینی لوس لە تەنیشت پەیکەری ئیسکەکە بەڕێگایەک دانراوە وەک ئەوەی لەناو دەستی مردوەکە دابێ، هەندێ جاریش لەسەر لاشەکەیدا کەلوپەلی ئامادەکاری و دەمبوسی مسی و چەقۆ و خەنجەر و ئامرازی ڕازانەوەش دادەنرێ و لە نزیک سەری مردوەکە جوتە شەویلاکی بزن بینراوە،



Orginal Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper4

(سلیم،١٩٩٧: ٢٤٣-٢٤٤). (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ((١).)، هەروەها لە چاخی بەردینی نویدا، بەتایبەتی لە (تەپەسیالک)[١] و هەندێ ناوچەی شوێنەواری تریش لە ئێران دۆزراوەیەوە، کە بەر لەوەی مردوەکان بخەنە گۆڕەوە گڵی ڕەنگی سور یان هەڵساون بەبڵاوکردنەوەی تۆیەکانی ئۆکسیدی کاربۆن لەسەر ئێسکەکانی مردوەکەدا، (سلیم، ١٩٨٨: ١١٤) بۆیە شوێنەواری سوری قاوەیی لەسەر ئێسکە پەیکەرەکاندا بینراوە. (گریشمن، ٢٠٠١: ٢٤) ئەمەش لێکدانەوە و بۆچونی جیاوازی لەخۆگرتوە، کە هەندێک لە توێژەران پێیان وایە کەلەشەکە تەڕ دەبێ ئێسکە ڕەنگ کراوەکان بە ڕەنگی سور سودیان دەبێت بۆ بەخشینی ژیان بۆ خاوەن تەرمەکە، چونکە ڕەنگی سور هێمای هاتوچۆکردنی خوێنە لەلەشی مرۆڤدا. (سلیم،١٩٩٧: ٢٤٣) ئەم ڕێوڕەسمە ئاینیە بەڵگەیە کە مرۆڤ لە ئێران، بەتایبەتی لە چاخی بەردینی نوێدا بڕوایان بەژیانی دوایی هەبو. (سلیم، ١٩٨٨: ١١٤) لەلایەکی ترەوە لە ئەنجامی کنەو پشکنینی شوێنەواری لە تەبەی جۆران کە ئەویش یەکێک بو لە شوێنەوارە گرینگەکانی ئێران لە چینی یەکەمدا تەنها یەک گۆڕ دۆزراوەتەوە، کە ئەو گۆڕەشی شێوەی هێلکەیی بو، تەرمەکەشی هە بەشێوەی چیچیکان (وەک منداڵ لەزگی دایکی دابێ) نێژرابو. (سلیم،١٩٨٨: ١١٩) هەر لەم قۆناغەدا ناشتنی مردو لەبانەکانی ئێراندا هەر لەژێر زەوی ماڵەکاندا بو. (سلیم، ١٩٩٧: ٢٥٣) لەگەڵ ئەوەی ئێران خاوەن شارستانیەتێکی دێرینی مێژوییە، بەڵام لە ناشتنی مردودا کە سەرچاوەی گرینگی زانیارییە دەربارەی بیری ئاینی مرۆڤەکانی ئەو سەردەمەدا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەدیناکرێ بەپێچەوانەی شارستانییەتەکانی تری خۆرهەڵاتی کۆنی نزیک، دورنییە ئەمەش لە ئەنجامی هەڵکەوتنی شوێنی جوگرافی بێ، یان دەستی پسپۆر و شارەزاییانی شوێنەواری بەشوێنەوارییەکانی ئێران نەگەیشتبێ یان هەندێک لە شوێنەوارەکانی ژێرئاوکەوتبێ یان فەوتابن، بەهەرحاڵ هەر لە چاخی بەردینی نوێدا بۆ گوزارشتکردن لە دیاردە پێشکەوتوەکانی شارستانیەتی ئێرانی دێریندا، لە هەرە گرنگترین شوێنەوارەکانی تری کوردستانی خۆرهەڵاتدا کە ئەویش (تەپەساراب)[١] بو، کە لەوێدا هەندێ پەیکەری قوڕینی بچوکی ئافرەت دۆزراوەیەوە، لە وێنەی ئافرەتێکی دانیشتو کە بەڕونی خۆی لە پەیکەری خواوەندی دایکدا دەنواند. (سلیم، ١٩٨٨: ١٢١) هەروەک زانراوە بە جۆرەها شێوە ئەم پەیکەرانەیان دروست کردوە وەک لە کاتی سکپڕیدا یان گەورەکردنی ئەندامی مێینەی، چونکە لای ئەوانەی کاری کشتوکاڵیان دەکرد هێمای پیت و بەرەکەتە، پێدەچێت ڕێوڕەسمی تایبەتیان بۆ دەبڕینی پیرۆزی و دوپاتکردنەوەی گوێڕایەڵی خۆیان ئەنجام دابێت، هاوشێوەی بوکەلە قوڕینە دۆزراوەکانی کوردستان (میسۆپۆتامیا) لەوڵاتی نێوان دو ڕوبار، کە ئەمەش بە سەرەتای بیرۆکەی بتپەرستی دادەنرێ، لە چاخی بەردینی نوێوە هاتە ئاراوە و گەشەی کرد تا بوە باوەڕی زۆرینەی خەڵکەکە و دانیشتوانە یەکەمینەکانی ئەم وڵاتە لە چاخە مێژووییەکاندا کە عیلامیەکان بون.



Orginal Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper4

## دوەم: ئایین لە سەردەمی عیلامییەكان

عیلامیەكان یەكێك لە هۆزەكانی باشوری ئێران بوون لەسەرەتادا بەزۆری بت پەرست بون. (ئابادانی، ٢٠٠٤: ١٨) یاخود دەتوانین بڵێین هەرێمێكی گرنگی بەرەی باشوری چیاكانی زاگرۆسەو كەوتۆتە باشور و باشوری خۆرهەڵاتی ئێران. ناوچەكانی خوزستان یان ئەهواز یان عەرەبستان، لەوانە ناوچەی عەبادانی ئیستا دەگەرێتەوە. (باقر، طه وأخرون، ١٩٨٠: ٢٥) ئەو ناوچانەلە مێژوی سیاسی ئێراندا، بەدەوڵەتی عیلامی دەخوێنرێتەوە، بریتیبون لە ویلایەتەكانی، (خوزستان، لورستان، پشتكۆ، كێوەكانی بەختیاری)، كە لەخوارەوە بەدیجلەوە و لە باكورەوە بە بابل و هەمەدان و لە باشورەوە بەكەنداوی عەرەبی تا بوشەهریش درێژبۆتەوە. (ئابادانی، ٢٠٠٤: ١٨)، لە سەردەمی نیمچە نوسیندا سۆمەرییەكان بەو هەرێمەی كەوتبوە (خۆرهەڵاتی خوارەوەی)ی نێوان دو ڕوبارەكەوە ناویان نابو (نم–Nim) بەواتای گردی بەرز، ئەكەدییە سامییەكان لە عێراقدا بە (ئایلاقو) ناویان بردوە. (لأحمد و أحمد، ١٩٨٨: ٣٦١). بەڵام لەڕوی نەژادەوە بۆچونی جیاجیا هەیە، لەوانە هەندێك لە لێكۆڵەرەوان عیلامییەكان بەڕواڵەت لە نەژادی ئاوزیانی (asianoque) بون، كە ئەم نەژادە نە پەیوەندی بە نەژادی سامییەوە هەیە، نەبەنەژادی هیند و ئەوروپییەوەیە. (تاج بەخش، ٢٠١١: ١٣٧) یان تاقمێكی تر لە توێژەران ڕەگەزی عیلامییەكان بەیەكێك لەو سێ دەستە دادەنێن، كە بە قەفقازی یان خەزەری یان یافسی ناودێركردوە. (گێرشمەن، ٢٠١٣: ٥٢) پێدەچێت بگەڕێتەوە بۆ بەرەبابی (یافسی) كوری نوح. (گیرشمەن، ٢٠١٣: ٥٢، پەراوێزی ژمارە: (١)). هەندێكیتر لە توێژەران بەپێی توێژینەوەكانی ڕەگەزناسی لەسەر كۆنترین ئیسك و پروسكی دانیشتوانی بانی ئێران، تێكڕایی مێژونوسان كۆكن لەسەر ئەوەی عیلامییەكان خاوەن نەژادێكی تایبەت بەخۆیان بونەوە هیچ پەیوەندییەكی لەگەڵ پێكهاتەكانی تردا نەبو لەگەڵ ئەوەی تایبەتمەندی هاوبەشی لەگەڵیاندابو هەبو. (سلیمان،٢٠١٧: ١٤)، كەواتە ئەوان لە پێكهاتەكانی ئێران یان ئارییاییەكان نین، كە لە هەزارەی یەكەمی پێش زاین بەشێكی گەورەی دانیشتوانی ئێرانیان پێكدەهێنا، بەڵام زۆرینەی ئەگەرەكان ئەوەیە ئەوان دانیشتوانی چیابون لە باكور و خۆرهەڵات شاری شوشیان دیاریكردبو (الدباغ، ١٩٩٢: ١٨١) سەبارەت بەئایینی دانیشتوانەكەی بەدروستی ڕون نییە، ئەوەی سەلمێنراوە ئەوەیە جیهانیان پڕ بو لە ڕوح و بونەوەری غەیبی لەو بڕوایە دابون، كە ڕۆح لە شوێنێكی تاریك و دارستاندا نیشتەجێن و بەناوی (رب النوع) واتە بت، كە لە دارو بەرد و گڵ دروست دەكرد یان ناونرابون بە شوشانگیان (ئابادانی،٢٠٠٤: ١٩) هەروەك و عیلامییەكان ناوی خواوەندی گەورەیان ناو ناوە (شوشیناك) كە پەرستنی تەنها كەوتبوە سەر شانی پاشاكان و كاهینەكان، كە لەچاخی بابلی كۆندا بڵاوببوە، گەرچی نەناسراو بو، بەڵام لە هەمو بەشەكانی وڵاتدا سوێندی پێدەخورا (الدباغ، ١٩٩٢: ١٨٢) سەرەڕای ئەمەش ڕوح كۆكرانەوە لە پێگەی شەش خواوەندی تر دانراون، لەلایەكی ترەوە بۆ هەر گیانێك خوایەكی ناوچەییان هەبو پەیكەریان بۆ دروستكرد (الدباغ، ٢٠١٣: ٩٧) بەمەش پەرستنی خواوەندی خۆماڵی (ناوچەیی) یان گەلی هاتە ئاراوە كە لە داهێنانی گەلانی خۆرئاوای ئاسیا بون كە لە بەناوبانگترین ئایینی سومەرییەكان بو بەخواوەندە ئەفسانەییەكان هەمو گەلانی دەوروبەریان سەرسام كردبو بە بەكارهێنانیان لە ئایینە


Orginal Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper4

ناوچەییەکان لەبەرئەوەی عیلامیەکان نزیکترین دراوسێی سۆمەرییەکان بون لە یەکەمینە کارتێکراوەکانی ئەو ئایینیە هاوشێوەی باوەڕەکانی دروستبون (خلق) کە باوبو لەوڵاتی نێوان دو ڕوبار (سلیمان، ٢٠١٧: ٣٦) لە تایبەتمەندیەکانی ئایینی عیلامییەکان بەپیرۆزکردن و ڕێزلێنانیان لە ڕەگەزی دایک و مارەکان دەناسرێتەوە، بۆیە دەتوانرێت بوترێت (کە لەوانەیە باوەڕەکەیان پەیوەندی بە جۆرەها بونەوەری نامۆ و عیفریتیەکانەوە هەبێ). (پیرنیا، ٢٠١٣: ٩٧) ناوی زۆربەی خواوەندەکان تەنیا لەڕێگای گومان و بۆچونەوە دیاریکران کە لە جادو ئەفسونەوە سەرچاوەی گرتوە، بۆیە ئایینەکەیان دادەنرێت بەدوپاتکردنەوە لەسەر جادوگەری. (بهزادی، ٢٠١١: ٤٩) دەتوانرێ بوترێ یەکێ لە سیفەتە سەرەکییەکانی ئایینی عیلامیەکان بریتییە لە گرینگدان بە (خواوەندی مێینە)، بەبەڵگەی بونی ناوێکی زۆری خواوەندی مێینە لە دەقەکان و تۆمارە کۆنەکان، ئەوە بەڵگەیە لەسەر گرینگی پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگەی عیلامیدا، لەم بەشەدا باسی هەندێ لە خواوەندەمێینەکانی عیلامییەکان دەکەین. هەروەک لە (پەیمان نامەی نرام سین-خیتا)دا ناوی زۆر لە خواوەندە عیلامییەکان بەناسراوی مایەوە هەتا کۆتایی دەوڵەتی عیلامی سیاسی لە سەدەی حەوتەمی پێش زاینیدا، ئەو پەیماننامەی بە باسکردنی خواوەندی پینیکیر (Pienekir) دەست پێدەکات کە ئەوەش ڕاستییەکی ئاماژەپێکراوە لەسەر ڕەگەزی مێینە بەوەی هەرخۆی بێ هاوتاکردنی ئەو خواوەندەیە. (احمد و الهاشمی، د.ت: ٦٣-٦٤). بەدایکی گەورە دانراوە، هەروەها ناسراوە بە گەورەی ئاسمان و خاوەنی توانایە لەسەر ئەوانەی دەیەوێت ئازاریان پێ بگەیێنێت و نەفرەتیان لێ بکات، وای لێهات ناوەکەی زیادبکری لەسەر ناوی کەسایەتیە عیلامییەکان بۆ بەهێزبونیان. (سلیمان، ٢٠١٧: ٣٦)، لەلایەکی ترەوە لە ڕوی یەکێ لە تابلۆکانی گرێبەستی نێوان پاشای عیلامییەکان و بابلییەکاندا وێنەی خواوەند پینیکیر دەبینرێ، کە لەڕوخساردا وەک دایکی گەورەی خواوەندەکان دەردەکەوێ و دانیشتوە و منداڵێک لە باوەشی دایە. (رضی[١]، ١٣٨٤هـ.ش: ٤٧) هەر لەدێرزەمانەوە پەرستگایەکی لە شوش بۆ دروستکرابو، پاشا ئاونتاش بینایەکیتری بۆ زیادکردبو، ئاشورییەکانیش بە خواوەند ((عەشتاریان)) چواندوە. (مجاهد، ٢٠٠٩: ١٧٩) کە خواوەند عەشتاریش لای دانیشتوانی (میوپۆتامیا) بەدایکی گەورە دانراوە، کەواتە هەمان پلەی خواوەند پینیکیر لای عیلامییەکان هەبو (سلیمان، ٢٠١٧: ٣٦) پێدەچێت لەگەڵ خواوەند کریرشا خواوەندی ناوچەی باشوری دەریایی و بارتی لە ئەنشان گونجاوبێ هەرچەندە هەریەک لەوانە پارێزگاری لە کەسایەتیە دیاریەکەی خۆیان کردبو لە هەر شوێنێکی عیلامدا ژمارەیەکی زۆر لە پەیکەری ڕوتیان هەبو. (احمد و الهاشمی، د.ت: ٦٤). هەروەها پەرستنی ماریش، کە هیمای پیت و بەرەکەت بو لای عیلامیەکاندا بڵاوبۆتەوە و لە شاری سوز ژمارەیەکی زۆر قاپی گلکاری کۆن دۆزرایەوە، کە وێنەی ماری لەسەرکێشابو، مێژویەکەی بۆ نزیکەی هەزارەی چوارەم و سێیەمی پێش زایین گەڕاندراوەتەوە، هەروەها بەپیرۆزکردن و گەورەکردنی خواوەندی تری ژن وەک کریرشا دەرکەوت، کە پێشی دەوترا دایکی گەورەی کیری ناسراوە، ئەوەی شایەنی وتنە لێرەدا: عیلامیەکان پشتیان بە دو لە خواوەندە گەورەکان لەیەک شوێندا نەدەبەست، مەبەستمان پینیکیر و کریرشایە، بەڵکو لە هەر شوێنێک لە عیلام خواوەندی تایبەتی خۆیان هەبو، لە سوز خواوەند پینیکیر بو، لە ناوچە دورگەکان کریرشا بو، دوای هەزارەی



Orginal Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper4

سێیەمی پێش زاین خواوەندەکانی دایک وردەوردە لە پەرستنیان پاشەکشەیان کرد بۆ خواوەندەکانی باوک وەک پاشەکشێ پینیکیر یان کریرشا بۆ خواوەند خوم- یان لە دەوروبەری نیوەی هەزارەی دوەمی پێش زایین خوم بەگەورەی خواوەندان لەکۆمەڵگەی خواوەنی عیلامیەکاندا دانراوە. (سلیمان، ۲۰۱۷: ۳۷). کە خومبانیش خوای ئاسمان و باوکی خوتران بو، نازناوی بەهێز و مەزنیان بە خوتران داوە، هەروەها لە ناوچەی ئانشان عیلامییەکان خواوەند ڕوخوراثیریان دەپەرست و لە چاخی بابلی کۆنیشدا خواوەند ئیشمەکاراب، کە ناوێکی ئەکەدی بەناوبانگ بو، لە چاخی بابلی کۆنیشدا بە پەرستنی ئەو خواوەند بەناوبانگ بو (الدباغ، ۱۹۹۲: ۱۸۲) کە ناوێکی ئەکەدییە بەمانای گوێرایەڵی نزاکان دێت، پێدەچێت ئەم ناولێنانە لە ئەنجامی کاریگەربونی عیلامییەکان بوبێت بە ئایینی وڵاتی نێوان (میسۆپۆتامیا). (الأحمد والهاشمی، د.ت: ٦٤) خواوەندەکان نتورتا و ناخیتی و سیت و زین و ناخونتەوە ڕەسول ئەرباب و خواوەندی سیموت و خێزانەکەی ماتران دەپەرستران (الدباغ، ۱۹۹۲: ۱۸۲). هەروەها خواوەندێکی تر بەناوی ئاشوشیناک (نین شوشیناک) کە پەرستنی پەرەیسەند لە خوایەکی نەتەوەیی عیلامی بو بەخوایەکی نیشتمانی و دەستی گرت بەسەر هەمو خواوەندە سەرەکیە کۆنەکان. (مجاهد، ۲۰۰۹: ۱۷۹). بەتێپەڕبونی کات پێگەکەی گرینگتر بو و پەرستنەکەی گشتگیر کرا لە سەردەمی پاشا شیلهاک ئەنشوشیناک لە چاخی بەردینی کۆندا، ئاشو شیناک لەگەڵ خومبان و کریرشا لەچاخی عیلامی ناوەندا سێگۆشەیەکی گرینگیان لە کۆمەڵگەی خواوەندی عیلامی پێکهێنا. (الأحمد والهاشمی، د.ت: ٦٤). و لە هەزارەی دوەمی پێش زایندا حکومەتێکی تازەی پاشایەتی نەتەوەیی عیلامی دامەزراو، پاشاکانیش نازناوی (خودا) و باوکی گەل و پانشای ئانزان و شۆشیان لەخۆنابو. (گیرشمەن، ۲۰۱۳: ۸۲). هەروەها ناخونتا یان ناخوندی هەندێکیش بە (ناهونتا) دەیانخوێندەوە، کە خوای خۆر بو لای بابلیەکان بە خوای دادپەروەریان داناوە، بۆیە عیلامیەکانیش هەر بەخوای دادپەروەریان داناوە هەندێ پاشاش ناوی خۆیان ناوە (خزمەتکاری ناهوتا) پەرستگایەکیان لە سوسە بۆ دروست کردو پەرەیان بە پەرستنی داوە، بۆیە (ناخونتا) بەخاوەنی کۆنترین پەرستگا دادەنرێ لە شوشدا (مجاهد ۲۰۰۹: ۱۷۹) سەرەڕای ئەوەش ئایینی عیلامیەکان هاوشێوەی ئایینی سۆمەرییەکان بون لە فرەخواوەندیدا، (الدباغ، ۱۹۹۲: ۱۸۲) بەجۆرێک کەوتبوە ژێر کاریگەری خواوەندی وڵاتی نێوان میسۆپۆتامیا و ئەکەدییەکانیش کاتێ دەستیان گرت بەسەرعیلامییەکان کەوتنە ژێر کاری پەرستنی خواوەندێکی تر کە ئیشنکاریب (ishnikarab) کە خوای ئەکەدی بو کە لای عیلامییەکان پلەیەکی پیرۆزی لە نێوان خواوەندەکاندا بەدیهێنا.

بەم جۆرەیە عیلامییەکان کەوتنە ژێر کاریگەری شارستانیەتی ئەکەدییەکان. (سلیمان، ۲۰۱۷: ۳۸) هەروەها خواوەندی سۆمەری بەناوی نرکال وایا وننکال لای عیلامییەکان دەپەرسترا. (الدباغ،۱۹۹۲: ۱۸۲) پێدەچێت عیلامییەکان هەر لە پەرستنی خواوەندەکانی وڵاتی میسۆپۆتامیا سودیان وەرنەگرتبێ، بەڵکو لە دروستکردنی پەرستگا و ڕێورەسمی شاردنەوەی مردو بڕوایان بە ژیانی دوایی و هەندێ بۆنە و جەژنە ئایینییەکان سودیان لە سۆمەرییەکان وەرگرتوە. تایبەت بە جەژنە ئایینیەکان و ڕێورەسمی ناشتنی مردو لای عیلامییەکان وەک پێویست



Orginal Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper4

نەبو، بەڵام هەندێ سەرچاوە ئاماژە بە یەکێ لە جەژنەکانی عیلام دەکا ئەویش جەژنی خوای ناسراو بە (گەورەی قەڵات) لەگەڵ دەرکەوتنی هیلال لە سەرەتای وەرزی پایز (الدباغ،١٩٩٢: ١٨٢) لەو جەژنەدا هەندێ پەرستن و قوربانی پێشکەشکرا ئەو کاهینانەی پەرستنە ئایینیەکانیان جێبەجێدەکرد دەستیان بە ئاو دەشوشت پێش جێبەجێکردنی ڕێورەسمەکان سەرەڕای ئەمەش ڕۆژی ٢٥ی ئازار تایبەت بو بە خوا سیموت لەو ڕۆژەدا لەسەر شەرەفی خوا گایەک سەردەبڕا (الأحمد والهاشمی، د.ت: ٦٥) سەبارەت بە دیاردەی ناشتن لە وڵاتی عیلام لە هەزارەی سێیەمی پێش زایندا عیلامییەکان مردوەکانیان لە تابوتی قوڕدا ناشتوە کەللەی سەریان بە پارچەیەک لە قوماشی نەخش و نیگاراوی زێر یان زیویان برۆنزی داپۆشیوە، لەناو گۆڕەکەدا قاپ و قاچاغی جیاوازی گلگاری و زێر وەک بازن و تۆقە دانراوە (الدباغ، ١٩٩٢: ١٨٣) بۆ ڕازانەوەی تەرمی مردوەکە بەزێڕ و بازنی زیو گوارە و موری لولەیی و بوکەڵەی قورینی بەکارهاتوە. (الاحمد والهاشمی، د.ت: ٦٦) بونی هەمو ئەوشتانە لەناو گۆڕەدا ئاماژەیە بەوەی باوەڕیان بە ژیانی دوای مردنەوە هەبوە. (الدباغ،١٩٩٢: ١٨٣) وەکو دانیشتوانەکانی دراوسێیان.

## سێیەم: ئایین لە سەردەمی میدییەکان

میدییەکان یەکێکبون لە هۆزەکانی هیند و ئەوروپی کاریگەریان لەسەر ڕەوشی ئایینە دێرینەکانی پێش دەرکەوتنی ئایینی زەردەشتیدا هەبوە، لەدواتردا بۆتە بنەماو بنچینەی بیروباوەڕی گەلانی نیشتەجێ و هاتو بۆ نێو خاکی ئێران کە بە هەمویانەوە خێزانێکی زمانەوانیان کە بەخێزانی ئارییەکان ناسراون. ئەم هۆزانە (هیند و ئەوروپییەکان) لە شەش خێڵی کۆچەری پێکهاتون لە دەشتاییەکانی ڕوسیای باشور کە نیشتمانی خۆیان بو، بەکاری کشتوکاڵی و شوانکاری جەنگ دەژیان. (الدباغ،١٩٩٢: ١٨٣) لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زاییندا کۆچە بەرفراوانەکەی هۆزەکانی هیند و ئەوروپی لە خۆرهەڵاتی دەریاچەی خەزەر بەرەو بانەکانی ئێران بەردەوام بو بەرەو چیاکانی زاگرۆس و دەشتاییەکان بەرە و خۆرهەڵاتی ئێران (الأحمدو احمد، ١٩٨٨: ٢٦٤) لەلایەکیترەوە لە سەردەمی کۆنداچیاکان و دارستانەکان و بیابانەکان بەربەستی گەورەیان دروستکردبو لەنێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوای ئێران، پێدەچێ میدییەکان لە باکوردا نیشتەجێبوبن (Kuhrt,1995:655) لەدەوروبەری ناوچەی هەمەدانی نوێ (Boyce,1979:48) لە ناوچەیەکدا نیشتەجێببون کە بەناوی میدیە ناسراوە، واتە بەرەو خۆرئاوای ئێران یانی کوردستانی ئەمڕۆ سەرەو ژێربونە (ئەکبەرمەندی و فەیروز،٢٠٠٩: ٢٠) کەواتە میدییەکان لە ڕەگەزی ئارییان، لەوە دەچێت هەزار ساڵ پێش زایین لە کەنارەکانی دەریای خزرەوە هاتبن بەرەو ئاسیای خۆرئاوا لە ئێراندا نیشتەجێبوبن (تاج بەخش،٢٠١١: ١٤٩) سەبارەت بە ئایینەکەشیان بەپێی نوسراوە ئاشورییەکان، بەتایبەتی وێنە و نامە تایبەتییەکانەوە بەشێوەیەکی گشتی ئەوەمان نیشان دەدات، کە یاسای سەرزەمینیەکانی خۆرئاوای میدی کۆن زۆرتر لەگەڵ ئایینی هونەرە ئاشورییەکان یەک جۆربون، بۆیە دەتوانرێت ئەم بابەتە لە هەزارەی پێش زاییندا لە چوارچێوەی دو قۆناغی مێژوییدا پۆلێنبکرێت. یەکەمینیان دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندییە بۆماوەیەکانی پێش سەدەی حەوتەمی پێش



Orginal Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper4

زاینییەوە. (دیاکونوف،٢٠١١: ٤٩٧) واتە بەر لە پێکهاتنی پاشایەتی ماد، کە ئایینەکەی لێکچونێکی زۆری لەگەڵ ئایینی ((هوریان))[1] هەبو، بەبەکارهێنانی وێنەی گیانلەبەرە سەیر و سەمەرەکانی کە سەریان ئادەمیزادە و جەستەیان شێرە، ئەبولهولی باڵدارە پەیکەری وەک شێرە سەرو باڵی وەک هەڵۆیە، یان سەری وەک شێرە و جەستەی وێنەی هەڵۆیە (زەنجانی، ١٣٨٠: ١١٢). یان دەتوانرێت بوترێت پەیکەری داتاشراوی گیانداری باڵدار (ئەبولهول) لەلایەن میدییەکانەوە دروستکراون، (مارف، ٢٠١٠: ٢٨) ماوەی دوەمیش بەدەرکەوتنی چەند چەمکێکی جیاکار دەستپێدەکات لەدوای سەدەی حەوتەمی پێش زاینیەوە سەبارەت بەو پرسە ئایینیانەی لە کوردستان و چیاکانی زاگرۆس باڵا بون، بۆ نمونە ناوی (بیت عشتار) کە لە هەرێمێکی میدییە سەر بە ئیمپراتۆریەتی ئاشورییە لە نوسینەکانی هیرودوتسدا گۆڕان بۆ (ئەناهیتا)ی ئاڤێستایی ناولێنانێکی ئاریە بۆ خواوەند عەشتار، ئینجا ناوی خواوەندەکانی وەک باکا و، یەزەتا YAZATA لەنێو ناسراوەکان و ناوە جوگرافیەکانی ئیمپڕاتۆریەتی میدیدا بڵاوبویەوە. (احمد و ڕشید، ١٩٩٠: ١١٦–١١٧)، هەندێکی تر لە مێژونوسان وای بۆدەچن میدییەکان هەڵگری بیروباوەڕی ئایینی ئێرانی و ئاریایی بوبن (میران، ٢٠٠: ٢٢) پێش کۆچکردنیان بۆ ئێران هێزی سروشتیان دەپەرست. (رضایی، ٢٠١٨، بەرگی یەکەم: ٣٠–٣١) کە خۆیان لە پەرستنی دیاردە سروشتییەکان دەبەینەوە، هەروەک (خۆر) یان بەشێوەی خواوەند میثرا یان (میتر) یان بەزەوی (zam) و بەئاگریش (Atar or Ator) و بە ئاویش ئاپام نەپات (Apam napt) و بەهەوا (ڤوهیو Vahya) و خواوەند ئاناهیتا (Anaheta) کە بەپیت و فەڕی بەرهەمهێنان بو بەعەشتاری بابلی و سومەرییەکان دەچو.

هەروەها کاریگەربونیشان بە باوەڕی ئارییەکان لەوەدایە کە ئاگریان لاپیرۆز بو، چونکە خوای ئاگر ڕۆڵێکی گرینگی هەبو لە بەرپاکردنی ململانیی نێوان خواوەندی ڕوناکی دژی خواوەندی تاریکی (الدباغ،١٩٩٢: ١٨٣) کەواتە خودایانی گەورەی سروشت دەبنە خاوەن تایبەتمەندییەکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی، وا دێنەپێش چاو، کە بەلێکترازانی دو ڕەگەزی هیندی و ئێرانی بەجیاوازی لەنێوان دو دەستە خودا مەزنەکانەوە هاتوتە ئاراوە (کریستن ١٩٨٢: ١٩) کەواتە بەپێی نوسراوەکانی ئاڤێستا و کتێبی (ویدا)ش ئایینی باوی زۆربەی دانیشتوانی ئێران سروشتی پەرستن بوە (وهبی، توفیق، ٢٠٠٦: ٢٨) ئەوەی شایەنی باسە میهر بەمانای (خۆر) هاتوە، لە کاتی خۆرهەڵات و خۆرئاوابون ئارییەکان ڕێوڕەسمی تایبەتیان بۆ ئەنجام دەدا. (رضایی، ٢٠١٨: ٢٩) بۆیە میهرپەرستی (خۆرپەرستی) بە کۆنترین یان یەکەمین ئایین دانراوە کە ئارییەکان دوای نیشتەجێبونیان و جێگیربونیان لە ئێراندا دایانمەزراندوە، مرۆڤ هەر لەسەرەتادا لەو باوەڕەدابو، دەبێت هێزێکی نهێنی هەبوبێ جگەلەبونی خودی خۆی، تارێنمایی بکات بۆ ئەوەی بتوانێت زیندەوەران ڕاوبکات یان پەلەوەرێک بگرێت. (تاج بەخش،٢٠١١: ٣٧) لەوانە خواوەندی میتراسیم) لەسەر ئەو باوەڕەبونە کە (مهر) خوای گەورە واتە (خوای خواکان) لەسەر بناغەی ئاگرپەرستی دامەزراوە (ئەلیاسی، ٢٠٠٨: ٦٨–٦٩) کەواتە ئایینی میترایی بەیەکێک لە ئایینە ناسراوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دانراوە و کە لەلایەن کورد و هیندیدا پەرستراوە، و لە کتێبی ئاڤێستا و ڤیدا ڕەنگ و ڕیشەی لەناو گەلانی هیند و ئەوروپیدا نیشاندراوە، ئەگەرچی


Orginal Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper4

ڕۆڵ و کاریگەری ئەم خواوەندە لەو دو کتێبەدا زۆر لێک جیاوازن، بەڵام پێدەچێ پلەوپایەیی ئەم خواوەندە لەناو نەتەوەی کورد و هیندیدا لەدوای جیابونەوەیان گۆڕانی بەسەردا هاتبێ، وەک لە کتێبی ئاڤێستادا دەبینرێ پلەی خواوەندی میترا بۆپلەی ئیزەد واتە فریشتە دابەزیوە و بەئیزەدێک ناوی هاتوە، کە لەلایەن ئاهورامەزداوە خوڵقێنراوە. (کۆمۆن، ٢٠٠٨: ١٣-١٤). بۆ ماوەی دو هەزار ساڵ هەمو ئایینەکانی دیکەی خستبوە ژێر تیشکی خۆیەوە، لەبواری ئاژەڵداری و کشتوکاڵیدا تێکڕایی بەرپرسیاریەتیە گرنگەکانی خستۆتە ئەستۆی مرۆڤەوە. (عەباسیان، ٢٠١٥: ٢٢١) هەرچەندە کاریگەری ئەم ئایینە لەناو ئایینی ئیزیدی دەبینرێت، پاشان کە ئایینی زەردەشتی هات، ئەم ئایینە لەناو ئایینی زەردەشت دا توایەوە. (سەقزی، ٢٠٠٦: ١١). مهر نیشانەی ئاگر و هێمای ئاهورامەزدایە لە ئاڤێستادا بەشی میهر یەشتدا کە لەهەندێک بەشیدا بە نوێنەری خۆر زانراوە (عەباسیان، ٢٠١٥: ٢٢٣) هەندێک لە توێژەرەوان لەوباوەڕەدابون کە موغەکان مەزهەبی هورمزدیان تێکەڵی سحربازی و خورافات و جادوگەری کردبێ. (ئابادانی، ٢٠٠٢: ٢٦ ) کەواتە مهرپەرستی ئایینی کۆن و ڕەسمی دەوڵەتی میدیابوە لە هورمزد (مەزدا)دا جیابۆتەوە. (ڕیچارد، ٢٠١١: ٣٣) کە خۆیان لە ململانێی دوانەیی دەبینینەوە کە یەکەمیان هورمزدا (ormozd) یان ئاهورامەزدا کە نمونەی ڕوناکی و خێر دەبەخشێ لەگەڵ دوەمیان کە ئەهریمەنە Ahriman نمونەی شەڕو تاریکی دەنوێنێ. (شبیب، ٢٠١٤: ٣٣) ئەوەی جێگای سەرنجە بنچینەی ئایینی مەزدا دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵە چەمکێک لە نێو هیند و ئەورووپییەکاندا باوبو پێش کۆچە گەورەکەیان گەرچی ئەم ئایینە (مەزدا) دواتر بوە بناغەیەک بۆ ئایینی زەردەشتی. (شبیب،٢٠١٤: ٣٣-٣٥) دواتر بەشێکیان بڕوایان بە زەردەشتی پەیامبەر هێناوە. (مارف، ٢٠١٠: ٢٨) لەلایەکی ترەوە ئایینی میدییەکان بە بەراورد لەگەڵ ئایینی (لۆلۆیی و کاشیەکان و مانابییەکان) جیاوازییەکی زۆری لەگەڵیاندا هەبو چونکە ئایینی میدییەکان نزیکایەتییەکی زۆری لەگەڵ خوداپەرستی هەبوە. (زەنجانی، ١٣٨٠: ١١٣) هەروەها ئایینی ستایشی ئاگر تەنها هەرهی مادەکان نەبوە، تەنانەت حیسیەکانیش ((حیثی)) ئایینی ستایشی ئاگریان هەبوە. (فرای، ١٣٨٢: ١٣٣). هەمو سەرچاوەکان کۆکن لەسەر کاریگەری پەرستنی دیاردە سروشتییەکان بەسەر شارستانیەتی کۆنی ئێراندا کە لە ئەنجامی گەشەکردنی قۆناغی پەرستنی دیاردە سروشتییەکان و کاریگەرییەکانی مرۆڤ بەژینگە و دەوروبەری قۆناغی پەرستنی زەروانی هاتە ئاراوە ئینجا وردەوردە ئەم پەرستنە پێشکەوت و بەردەوام بو، کە تایبەت بو بە فەلسەفەی خێر و شەرو ململانێی نێوانیان، هەتا بوە قۆناغی سەرەتایی یان یەکەمینی ناسراو بە (دوانەیی) واتە گەیشتە پەرستنی خواوەند (ئاهورامەزدا و ئەهریمەن) کە هەردو لا دەرهاویشتەی ئایینی زەروانی بو. (رضایی، ١٠١٨: ٥٦-٥٧). بەم شێوەیە کاریگەری پەرستنی زەوروانی بە ڕونی لە ئایینەکانی ئێرانی کۆن و هاوچەرخی دەوڵەتی ئەخمینی دەرکەوت، دواتر لەناو ئایینی زەردەشتیدا توایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێدەچێت پێش و پاشی ئایینی زەردەشت زۆربەی جەماوەری ئێرانی خۆریان بە وێنەی بینراوی ئاهورامەزدایان دەناسی، هەروەک لە بەردنوسەکانی ئاشوریدا وێنەی ئاهورامەزداش ئاسۆرەمەزدەش-پێش-ئێرانی (Asara-Mazas Aaura Mazdas Porolo-Irain) خۆرو ئاگر هەردوکیان بۆ پاکردنەوەی جەنازە بەکاردەهاتن بەدانانی تەرمی مردوەکان



Orginal Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper4

لە ژێر تیشکی خۆر بەوەش مادی مردو لەناودەبەن و گیانی نامادی بەرەو بەهەشت دەبەن. (فرای، ١٣٨٢: ٤٧-٤٨). ئەمانە هەمو بونە هۆی دەرکەوتنی ئاینی زەردەشت، سەبارەت بەناشتنی مردو لە ئاسیایی ناوەڕاست و بەرزاییەکانی ئێرانی هەندێک شوێنەوار بەپێی دۆزراوە شوێنەوارییەکان ڕەهاکردنی تەرم لە کەشێکی ئاوەڵەدا بەزۆر کەم دو هەزار ساڵ لە ئایینی زەردەشت ڕەواجی هەبو، بەپێی نوسراوەکانی هیرودوتسدا لای میدیەکانیش پەیڕەوکراوە. (فرای، ١٣٨٢: ٧) لەلایەکی ترەوە هەندێک لە مێژونوسان سەبارەت بە چۆنیەتی ناشتنی مردوەکانیان لە کۆن و کەلەبەری چیاکان لە نێوخاکدا دەیانشاردەوە و لە سەرتەنیشت ڕایان دەکێشا، قاچەکانیان دەنوشتاندەوە، مادەیەکی سوریان بەسەریاندا دەڕژاند، چونکە لەوباوەڕەدابون کە ڕوح دوبارە دەگەڕێتەوە بۆ لایان کەلوپەلی ژیانی مردوەکە وەک دەفری نان و خواردنیان لە پاڵ لاشەکانیان دادەنا و گەلێک گیانداری ماڵی بەتایبەتی ئەسپ لەگەڵ خاوەنەکەیدا بەخاک دەسپێردرا، تا لەکاتی پێویستیدا سودی لێوەربگیرێ(تاج بەخش، ٢٠١١: ١٤٩) لەلایەکی ترەوە لە ئەنجامی کنە و پشکنینی شوێنەواری چەند گۆڕێک لە ئەشکەوتەکانی ناوچەی سلێمانی دۆزراوەتەوە وا پێدەچێت هەندێک بۆ مادەکان بگەڕێتەوە، یەکێک لەو ئەشکەوتانە گۆڕی پاشایەکی تێدایە کە پێی دەوترێت (ئەشکەوتی قزقەپان) و هەروەها ئەشکەوتی (کوڕ و کچ) کە دەکەوێتە ڕوی شاخەکەوە، لەپێش دێی شەرناغ، و بەشێک لەتوێژەران وای دەبینن گۆڕی پاشای میدی (فەراورتیس)ە، کوڕی دیوکس باوکی کەی ئەخسار، هەروەها وای بۆدەچن کە دەکەوێتە نزیکی (سری-پول) لەقەد و پاڵی خۆرئاوای چیاکانی زاگرۆس. (باقر و سفر، ١٩٦٥: ٣١). کەواتە دیاردەی ناشتنی مردو لە گۆڕدا لای میدیەکان بەرەو پێش چوە، بۆیە ئایینەکەیان بەرێکخەری ژیانییان دادەنراوە، کە وەکو هەمو گەلانی تر لە لەدابونەریتە کەلتورە کۆمەڵایەتیەکەیاندا ڕەنگیداوەتەوە، کە ئەمەش دەرئەنجامی گەشەکردنی بیر و هزری مرۆڤەکانە لە پێشکەوتنی سارشتانیەتەکەیاندا بەدیار دەکەوێ.



Orginal Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper4

**ئەنجام:**

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەمان لە پێشینەی ئایینی لە ئێرانی کۆندا سەرهەڵدانی بیری ئایینی لەچاخە بەردینەکان و یەکێک لە کۆنترین پێکهاتەکانی نیشتەجێ ی ئێران کە عیلامیەکان و ...... هتد هەروەها کاریگەری کۆچی هۆزەکانی هیند و ئەوروپی و کۆچکردنی میدییەکان بۆ وڵاتی ناوبراو سەرهەڵدانی بیری ئایینی لایەن و چۆنیەتی پیادەکردنیان و کاریگەریان لەسەر مێژوی شارستانیەتی وڵاتی ناوبراو.... گەیشتینە ئەم ئەنجامەی خوارەوە.

**یەکەم**: بەپشت بەستن بە شوێنەوارە دێرینەکانی، واپێدەچێت لە چاخی بەردینی نوێدا بە دۆزینەوەی بوکەلە قوڕینەکان و پەرستنی خواوەندی دایک هاتبوە ئاراوە. هەروەها لە گۆڕەکاندا ڕێوڕەسمی ناشتنی مردو بەرژانی گڵی سوریان مادەی ئۆکسیدی کاڕبۆنی سور بۆ ڕەنگکردنی مردوەکە و دانانی کەلوپەل لەناو گۆڕدا ئاماژەیەکە بڕوایان بە ژیانی دوای مردن هەبوە بەمەش کاریگەربونیان بە شارستانیەتی دانیشتوانی دراوسێیان بە تایبەتی میسۆپۆتامیا لە سەردەمی سۆمەری و ئەکەدییەکاندا بەدیاردەخات.

**دوەم**: عیلامییەکان بەپێی لێکۆڵینەوە لە پاشماوە شوێنەوارییەکاندا مێژونوسان گەیشتونەتە ئەوەی کە لە پەرستنی فرەخواوەندی و دروستکردنی پەیکەر بۆیە کاریگەربونە بە ئایینی سۆمەری، بەڵام ئەوەندەی سودیان لە دروست کردنی پەرستگا و ڕیوڕەسمی شاردنەوەی مردودا بینیوە، ئەوەندە سودیان لە پەرستنەکانی وڵاتی ناوبراو نەبینیوە، لەگەڵ ئەوانەشدا بڕوا بەجێماوەکانی باو و باپیرانی خۆیان پاراستوە و پەیڕەویان کردوە، لەگەڵ گەشەکردنی بیر و هزریان گۆڕانکاریان لە شێوازەکانی پەرستن کردوە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئایینی عیلامییەکان ڕێگا بە هاوسەرگیری خێزانی (نێو خانەوادەیی) دەدات بە بەڵگەی بەکارهێنانی سەرچاوەی باوەڕپێکراوی مێژویی کە ئاماژە بەو جۆرە هاوسەرگیریە دەکات، کەواتە ئەوان ئەو جۆرە هاوسەرگیریەیان کردوە.

**سێیەم:** میدییەکان بیری ئایینی لایان لە ناشتنی مردودا بەپێی هەندێک سەرچاوەدا ڕەهاکردنی تەرم لە کەشی ئاوەڵەدا، لەدواییدا بۆتە بنەماو و بنچینەی ناشتنی مردو لای زەردەشتیەکان بۆماوەیەکی دورودرێژ.

لەکۆتاییدا دەکرێ بوترێ ئایین سەرچاوە و یاسای پیادەکراوی سەردەمی خۆی و دوای خۆیەتی بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگا هاتۆتە ئاراوە، کاریگەری بەسەر ڕەوشتی کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵگادا هەیە، شوێنەواری بیری ڕەگ داکوتێنەرە و لە دەرون و ئاکاری مرۆڤ بۆ هەزارەها ساڵ هەروەک بینراوە زەردەشتیەکانیش بەهاوسەرگیری نێو خانەوادەی عیلامیەکان و ڕەها کردنی تەرم لە کەشێکی ئاوەڵدا لای میدییەکان کاریگەربونە، چونکە ئەم دو دیاردەیە لەناو ئایینی زەردەشدا بۆ چەند سەدەیەک بەرز و پیرۆز ڕاگیراوە.



Orginal Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper4

# Religious Ceremonies and Beliefs in Ancient Iran's History Before the Emergence of Zoroastrianism

**Nawroz Hamad Ali**
Department of History, Ancient History, College of Humanities, University of Raparin, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** nawroz.hamad@uor.edu.kurd

**Imad Abdulqadir Muhammed Sa'eed**
Department of History, Ancient history, College of Humanities, University of Raparin, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** imadabid75@gmail.com

**Abstract:**
This thesis entitled "Religious Ceremonies and Beliefs in Ancient Iran's History before the emergence of Zoroastrianism" is an attempt to present and explain the history of the emergence of religious beliefs in ancient Iran from stone ages to the 7th century BC such as the Elamites as one of the tribes of Zagros Mountains who became the first inhabitants of Iran. Also, the Medes were one of the Indo-European tribes that moved to Iran and dwelt there. Through researching about the ways of their lives, types of their worships, and the burial of their deaths we will get some religious beliefs.

**Keywords:** Iran, Religion, Death Burial.



**Orginal Article / Doi:** **10.26750/Vol(9).No(3).Paper4**

## سەرچاوەکان


ئابادانی، عەبدوڵڵا موبلغی: مێژوی ئایینی زەردەشت، وەرگێڕانی: وریا قانیع، چاپی دوەم، (سلیمانی: ٢٠٠٤).

ئەلیاسی، شاخەوان فایەق: مێژوی نەتەوە کۆنەکانی کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، (هەولێر: ٢٠٠٨).

بهزادی، ڕوقیە: ئاریایی و ئارییەکان، وەرگێڕانی: فەرهاد خۆشناو دەزگای موکریان، (هەولێر: ٢٠١١).

تاج بەخش، ئەحمەد: مێژویەکی کورتی شارستانیەت و فەرهەنگی ئێران لە پێش ئیسلامدا، وەرگێڕانی: وریا قانیع، (سلیمانی: ٢٠١١).

ڕضایی، عبدالعظیم: مێژوی ئایینیەکانی جیهان، وەرگێڕانی: کەمال محمد ڕشید، (ب.ش: ٢٠١٨).

ڕیچارد، س ڤۆلتز: ئایینەکانی ڕێگای ئاوریشم، گورانی کلتوری و ئایینی لەسەرەتاوە تا سەدەی پانزەیەم، وەرگێڕانی: کازیوە، چاپخانەی ڕۆژهەلات، (هەولێر: ٢٠١١).

سەرفراز، عەلی ئەکبەر-مەندی، بەهمەن فەیروز: دیرینەناسی و هونەر لە سەردەمە مێژویەکانی دەوڵەتی ماد و هاخامەنشینی، وەرگێڕانی: وریا قانیع، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی هێڤی،(ب.ش: ٢٠٠٩).

سەقزی، بابان: زەردەشت هیوای ڕزگاری، وەزارەتی ڕوشنبیری، بەرێوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی (سلیمانی: ٢٠٠٦).

عەباسیان، ئەحمەد: فەلسەفە و ئایینی زەردەشت، وەرگێڕانی: ڕەزامەنوچەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەنجەرە، تاران، لەبڵاوکراوەکانی جەمیل ڕۆژبەیانی،(تاران: ٢٠١٥).

گیرشمەن، ڕومن: مێژوی ئێران لەسەرەتاوە هەتا هاتنی ئیسلام، وەرگێڕ: سەلاحەدین ئاشتی، (تاران: ٢٠١٣).

کۆمۆن، فرانتس: نهێنیەکانی ئایینی میترایی، وەرگێڕ: فەرهاد عزیز حەسەن، دەزگای موکریان، (هەولێر: ٢٠٠٨).

مارف، عمر اسماعیل: دەوڵەتی ماد، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، (سلیمانی: ٢٠١٠).

میران، ڕەشاد: ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، چاپی دوەم، سەنتەری برایەتی، کوردستان، (ب.ش: ٢٠٠٨).

الأحمد و أحمد، سامی سعید، جمال ڕشید: تأريخ الشرق القديم، مطبعة وزارة التعليم العالى و البحث العالى، (بغداد: ١٩٨٨) .

الأحمد والهاشمی، سامی سعید و ڕضا جواد: تأريخ الشرق القديم، ايران والاناضول، مطبعة جامعة بغداد، (بغداد:، د.ت ).

أحمد ورشيد، جمال ڕشيد و فوزي: تأريخ الكرد القديم، مطبعة جامعة صلاح الدين، ( أربيل:١٩٩٠).

باقر، طة، وأخرون: تأريخ ايران القديم، بغداد، مطبعة جامعة (بغداد: ١٩٨٠).

باقر و سفر، طة و فؤاد: المرشد الى مواطن الأثار و الحضارة، الرحلة الرابعة، بغداد-كركوك-سليمانية، (بغداد: ١٩٦٥).

وهبي، توفيق: الأثار الكاملة، اعداد ڕفيق صالح، سليمانية، مطبعة شفان، (السليمانية: ٢٠٠٦).

پيرنا-حسن: تأريخ ايران القديم من البداية حتى' نهاية العهد الساساني، ترجمة: محمدنورالدين عبدالمغم و السباعی محمد السباعی، ط١، مركز القومی للترجمه (القاهرة: ٢٠١٣) .

الدباغ، تقي: الفكر الديني القديم، بغداد، دار الشؤون و الثقافة العامة، (بغداد: ١٩٩٢).

دياكونوف: ميديا، ترجمة: عبدالستار كلهور، مطبعة وزارة الثقافة والشباب، (أربيل، ٢٠١١).

سليم، احمد أمين: ايران منذ أقدم العصور حتي' أوسط الألف الثالث قبل الميلاد، دار النهضة العربية، (بيروت: ١٩٨٨).

سليم، احمد أمين: في تأريخ شرق الأردني القديم (العراق- ايران- اسيا الصغري') دار النهضة العربية، (بيروت: ١٩٩٧).

شبيب، نايف محمد: المعتقدات الدينيية و اثرها في المجتمع في بلاد ايران قبل لإسلام، دارالكتاب العلمية، (بيروت: ٢٠١٤) .

عصفور، محمد أبو المحاسن: معالم في تأريخ الشرق الأدني القديم من أقدم العصور الى مجيئ الأسكندر، مطبعة المصري، ( د.م: ١٩٦٨).




**Orginal Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper4**

فرح، نعيم: معالم حضارات العالم القديم، ط١، دار الفكر، (دمشق: ١٩٧٣).

كريستنسن، أرثر: ايران في عهد الساسانين، ترجمة يحيى الخشاب، راجعه عبدالوهاب عزام، دار النهضة، العربية، (بيروت: ١٩٨٢) .

مجاهد، عبدالمنعم محمد: الشرق الادني القديم، مكتبة بستان المعرفة، (جامعة الأسكندرية: ٢٠٠٩).

زەنجانی، مەحمود: تاريخ تمدن در ايران باستان، اشيانه كتاب، (تاران: ١٣٨٠).

فرای، ڕیچاردنيلسۆن: تاريخ ايران باستان، ترجمه: مسعود ڕجب نيا، ( ب.ش: ١٣٨٢).

كريشمن، ڕومن: سيک كاشان، ترجمة: أصغر كريمی، سازمان ميراث فرهنگی كشور (بزورهشكاه)، (ب.ش: ٢٠٠١) مجلد أول.

Boyce, Mary: Zoroastrians, Their Religious Belifs and Practices Bostonand, Henley, (London: 1979).

Kuhrt, Amelie: The Ancient Near East C-3000 -330 Bc (London:1995).

سليمان، علي صبا، الحضارة العيلامية و علاقتها بحضارات وادي الرافدين من بداية الألف الثالث ق.م حتى منتصف الألف الثاني ق.م رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الي كلية الأداب و العلوم الإنسانية، قسم التأريخ، (جامعه تشرين: ٢٠١٧).

العتابی، عبدالهادي طعمة عفات: المعتقدات الدينية الإيرانية القديمة و أثر الميثولوجيا الهندية فها حتي نهاية الألف الثاني قبل ميلاد، الطروحة دكتوراة غير منشورة، مقدمة الي كلية التربية للعلوم الإنسانية، (واسط: ٢٠١٢)



**Orginal Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper4**

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

پاشکۆی ژمارە (١)

سلیم، أحمد امین، ایران منذ اقدم العصور،ص١١٥

چیانشینانی زاگرۆس



شوێنەواری هەرسین و پیاوێکی مادەکان لە کاتی پاڕانەوەدا.

Orginal Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper4

پاشكۆی ژمارە (٢)

ناوی نوسەر نادیار / چیا نشینیانی زاگرۆس، ص[١٦٨]



(١ )(تەپەسیالک): یەکێکە لەناوچە شوێنەوارەکانی ڕۆژهەڵات، دەکەوێتە دەشتی نزیک شاری کاشانی ئێستا و تاران، بەپێی ڕای کریشمن ناوی (سیلک) دەگەڕێتەوە بۆ پاشا (سیالخیش) دوا پاشای ئەو ناوچەیە بو، ماناکەشی (پاشای پرچ ڕەشی لولاوی)یە. یان ئەم ناوە بۆناوی کوڕی ئەو پاشا ئێرانییە دەگەڕێتەوە کە لە (شەری سلامیس) شکا و بەشی دوەم لە وشەی celks مانای سەرۆک کە بە زمانی سکائییەکان مانای (پاشای شکا) و بەزمانی سکائییەکان بریتییە لەو لەهجەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیەی لە هەزارەی یەکەمی پێش زایندا لەوێ ژیاون. بڕوانە: (گریشمن، ڕومن، سیک کاشان، ترجمة أصغر کریمی، سازمان میرلث فرهنگی کشور (بزور هشکاه)، ( ----: ٢٠٠١) مجلد أول، ص[٢١]؛ العتابی، عبدالهادي طعمة عفات، المعتقدات الدينية الإيرانيةالقديمة و أثر الميثولوجيا الهندية فها حتي[١] نهاية الألف الثاني قبل ميلاد، الطروحة دكتوراة غير منشورة، كلية التربية للعلوم الإنسانية، (واسط:٢٠١٢)، ص[٢٣-٢٤].

(١ ) بەیەکێ لە گرینگترین ناوچە شوێنەوارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دانراوە، بەنزیکەی حەوت کیلۆمەتر دورە لە باکوری خۆرهەڵاتی کرمانشا، شوێنەوارناسان کنە و پشکنینیان تێدا ئەنجام داوە و چەندین ئامراز و بەڵگەی شوێنەواریان تێدا دۆزیوەتەوە لەوانە گلێنەی ڕەنگاوڕەنگ بە دو ڕەنگی سور و زەرد، و چەندین شوێنەواری تر کە هەمویان دەگەڕانەوە بۆ چاخی بەردینی نوێ. بڕوانە: (سەلیم، احمد أمین، ایران منذ أقدم العصور، ص[١١٩-١٢٠]).

(١ ) هوریان: بەو ئایینە دەوترێت کە لەلایەن هورییەکان (خۆریەکان) پەیڕەو دەکرا، ئەویش خۆی لە پەرستی دیاردە سروشتیەکان دەبینیەوە لەوانە خواوەندی خۆر و خواوەندی کەش و هەوا بو. بڕوانە: (أحمد و ڕشید، جمال ڕشید و فوزی، تأریخ الکرد القدیم، مطبعة جامعة صلاح الدین، (أربیل: ١٩٩٠)، ص[٦٨].



Orginal Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper4